کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:46 20-6-2007

**لێکدانەوەی بە هەڵەی دەقە ئاینییەکان لە لایەک و ڕێکخراوەکانی (ئافرەتان – ژنان) دوو هۆکاری سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی ئەو تەوژمە زۆرەی ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان ... خەلیل پاڵانی**



شرۆڤەکردنی بە هەڵەی دەقە ئایینییەکان بە هۆی نەزانین و بەئەنقەستەوە لە دێر زەمانەوە بەپێی خواست و ویستی دەسەڵاتدارانی سەردەم و کبت کردن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی سقیل و سادەی گوندو دێهات و شارو شارۆچکەکان لە لایەن ئەو بەناو زانایە ئایینیانەی ناویان لە خۆیان ناوە (مەلا) ، هەروەها بوونی مەزهەبی جیا جیاو لەو سەردەمەش سەرهەڵدان و دروست بوونی چەندین حیزب و بزووتنەوەو کۆمەڵەی بە ناو ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو و بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام وەك کاڵایەکی سەرنج ڕاکێش بۆ کێش کردنی هەست و سۆزی زۆربەی خەڵکی موسڵمان و ساویلکەی کوردستان بۆ نێو ڕێکخراوەکانیان و بازرگانیکردن بە ئایین و دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دواتریش بتوانن فتوا سەرپێییەکانیان بکەنە دەستوورێك و بەزۆری بەسەر خەڵکی کوردستانیدا بسەپێنن و بە کەیف و هەوەسی ئاغایانی حیزب و گروپەکانیان ئەمە حەرام و ئەویتر حەڵاڵ بکەن.

هەڵبەت لەلایەن ئەو بەناو (مەلا) یانەی کەزانیارییەکی ئەوتۆیان نەبووە لە سەر ئایینەکەو هەموو شیکردنەوەکانییان لە خزمەت بەرژەوەندی خۆیان بووە بە گشتی و پیاوانیشە کە هەر ڕەگەزی خۆیان دەگرێتەوە بەتایبەتی، کە ئەمەیش ڕێچکەی گرتووەو داب و نەریتێکی دواکەوتووی پێکهێناوە کە هەر لە زووەوە تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەچنگیدا ناڵاندوویەتی و دەناڵێنی، فتوادان لە سەر خۆتەقاندنەوەو کوشتن و سەربڕینی مرۆڤی سقیل و بی تاوان لە مناڵ و ئافرەت و گەنج و پیر وەك جیهادێك لە پێناوی خوا ناسراوە لەلایەن تیرۆریستان ئەوانەی خۆیان بە پێغەمبەری ئەم سەردەمە دەزانن و هەموو شتێکیان پی ڕەوایە کە ئەوان ئەنجامی بدەن، هەروەك بڵێی لە ئاسمانەوە پێیان وتراوە (وما ينگق عن الهوى ان هو الا وحى يوحى) ، هەروەها کوشتن و ئەتککردنی کچان بەهۆی هەبوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك یا وێنەگرتنی لە شوێنێکی گشتی یا ڕێگەنەدان لە بەردەوامبوون لە خوێندن و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و... تاد، ئەمیش لە فتواکانی مەلا کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتووەو ئەمڕۆ بۆتە نەریتێك و بۆمان جێماوە، ئەو مەلا ئایینیانەی کە جاران خوێندنیان لە کچان و کوڕانی ئاغاکان حەڵاڵ و لە کچان و کوڕانی جوتیارانیش حەرام دەکرد، ئەو بەناو زانایە ئایینیانەی کە دوای هەر خوتبەیەکی ڕۆژانی هەینی پڕ بە دڵ لە خوا دەپاڕانەوە (سەیدولرەئیس) ی دوژمنی ئیسلام و کورد بپارێزی.

ئاخر لە چ دەق و فەرموودەیەکی ئایینی ئیسلامدا هاتووە کە دەبی لە سەر ئەم مافە ڕەوایانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد کچان و ژنان ڕیگەیان لێبگیری و کوڕ و پیاویش ڕێگەیان بۆ خۆشبکری. کام پێوەری داب و نەریت بەیەك چاو سەیری کوڕ و کچ لە لایەك و پیاو و ژن لە لایەکی تر دەکات لە ئەگەری ئەنجام دانی کاری سێکسی لەگەڵ یەکتردا، کام دەقی ئایینی ئیسلام بڕیاری کوشتنی کچان دەدات تا ئەگەر کاری سێکسیشی لەگەڵ کوڕێکدا ئەنجام دا و ئازادیش بە کوڕەکە دەبەخشی، کامە ئایەت و کامە دەقی قورئانیی (زینا) داوێن پێسی لەسەر پیاوان حەڵاڵ کردووەو تەنیا و بەجیا بڕیاری کوشتنی ژنانی زیناکەری داوە. بۆیە دەڵێم بە هەڵە شرۆڤەکردنی دەقە پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلام کاریگەری سەرەکی هەبووە لەسەر دروستکردنی ڕێرەوی ژیانی ئێمەو هێندەی ڕێز لە داب و نەریتەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەگیرێت و پابەندی دەبین هێندە بەدوای ڕاستی و دروستی چارەسەری گرفتەکاندا ناگەڕێین و نایدۆزینەوەو جێبەجێی ناکەین بە پێی دەقەئایینییەکان.

مەلا و زانایە ئایینیەکانی ئەم سەردەمەش لە ڕووالەتدا گوایە ئەم نەریتە دواکەوتووە پەسند ناکەن کەچی لە ژێرەوە خۆیشیان لێکرکردووەو قسەی لەسەر ناکەن لە خوتبە و کۆرو کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ هاولاتیاندا. بەڵکو فتواکانیان لە خوتبەکانی هەینی و شوێنە گشتییەکاندا بۆنی خوێنی لێدێت و هاندەری دروستکردنی بیر بڕوایەکی توندڕەو لە هەست و نەستی خەڵك بنیاد دەنێن و خەڵکی بە (دەیوس) و (گەواد) ناودەنێن ئەگەر کچەکانیان نەخوازەڵلا پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا بەست بە مەبەستی پێکەوە نانی خێزان و بە زۆر بەشوودانی کچانیشیان پێرەوایە کە بە گوتەی ئەوان باشترە لەوەی (فەساد) لەنێو کۆمەڵگادا سەرهەڵبدات، ئەی ئەوە نییە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەسووتێنن یا خیانەت دەکەن لەگەڵ مێردەکانیان دەردەکەوێت کە ئەمان پێشتر بەزۆری بەشو دراون بە کەسێك یا نایدەن بەو کەسەی کە کچەکە خۆی هەڵیبژاردووە.

لەم ولاتەدا بۆ منی پیاو ڕەوایە و هیچ جێگەی ترسیش نیە گەر کاری سێکسی لەگەڵ هەر کچێك یا ژنێکیشدا بکەم، هیچ بڕیارێکی یاسایی و ئایینی بۆ لێپێچینەوە نامگرێتەوە، بەڵکو بۆ کچان و ژنان ئاکامەکەی کوشتن و ئەتککردنی لێدەکەوێتەوە چونکە ئەمەیان ناموس و شەرەف چوونەو ئەویتریان سەربەرزییە.. !، ئەمەش ناودەنری (غسل العار) واتە لای ئێمەی کورد کچبوون عەیبەو شوورەییەو بەرمیلە بارووتە بەرمیلە باروت!.

لە کۆمەڵگای ئێمە ناموس و شەرەف کەوتۆتە نێو لینگی کچان و ژنانەوە بۆیە دەبی چاودێری بکرێن و پاسەوانەکانیان زێتر بن لە پاسەوانی بەرپرسەکانی ولاتەکەم نەبادا فەساد بلاو ببێتەوە، بە پێچەوانەی ولاتانی پێشکەوتوو خیانەتکردن لەگەڵ خاك و میللەت و ئالا بە هەرەگەورەترین ناموس و ئابڕوچوون دێتە ژماردن. لە ولاتی ئێمە لەسەر پاراستنی شەرەف کچان دەکوژرێن و بەرپرسەگەندەڵەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ گەندەڵتر و قەڵەوتر دەبن کەچی لەولاتانی تر لەسەر گەندەڵی بەرپرسان خۆیان ڕێگە بە بەردەوامبوونی ژیانیان نادەن و خۆیان لە سێدارە دەدەن بەر لەوەی بدرێنە دادگا و ئافرەتیش ناکوژن.

سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و گەنجان و... تد، لە بابەتێکی پێشووتردا باسم لێوەکردبوو بەراستی ئەم ڕێکخراوانە هێندەی خەریکی کۆکردنەوەی پارە و سەروەت و سامانن هێندە بەتەنگ چارەسەرکردنی گرفتی ئافرەتانەوە نەهاتوون و یا ئەگەر بیانەوی هەنگاویش بنێن هەنگاوەکانیان زانستیانەو بەرنامەرێژکراو نیە و لەو ئاستەدا نین کە بتوانن گۆڕانکاری بکەن و ڕۆڵێکی ئەکتیف بگێڕن لە دەستە بەر کردنی مافی ژنان و چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانیان، لە دوایین داهێنانیاندا بۆ بنەبڕکردنی کوشتنی کچان ڕێکخراوێکی ژنان لەیەکی لە شارۆچکەکانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیاندا لەگەڵ کچان و ئافرەتانی سەر بە ڕێکخراوەکەیان و هەندی ئافرەتی تر باسیان لێوەکردووە، گوایە چارەسەرێکی گونجاو یان دۆزیوەتەوە بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی کوشتنی کچان بەهۆی لەدەستدانی پەردەی کچێنی، ئافرەتێك کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریکردبوو وتی لە کۆبوونەوەکەدا کۆرگێڕەکە کە کادیرێکی ئەو ڕێکخراوە بوو ڕووی لە کچەبەشداربووەکان کرد و وتی" هەرکاتێك هەڵەیەکی واتان کرد و پەردەی کچێنیتان لەدەستدا ئەوا بەکەس مەڵێن و ڕاستەوخۆ وەرنە لای ئێمە دکتۆری تایبەتمان هەیە بۆ ئەو مەبەستە پەردەی کچێنیتان بۆ دەدورێتەوە " هەروەها وتی لە درێژەی قسەکانیدا ئەمجارەیان ڕووی لە ئێمە کرد و وتی " ئەگەر کچەکانتان هەڵەیەکی وای کرد ئەوا بەباوکیان مەڵێن ئێمە چارەسەری دەکەین". ئافەرین ڕێکخراوەکانی ئافرەتان.. ! ئەمەیە چارەسەریتان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:46 20-6-2007

بۆ بنەبڕکردنی کوشتنی کچان.. ! ئەمەیە هەوڵ و تەقەلاکانتان بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری لە نێو چینی ئافرەتان و گەیشتنیان بە مافەکانیان.. ! ئایا ئێوە چەندین ساڵە کاردەکەن و لە دوورەوە دەڕواننە کێشەو گرفتی ئافرەتان ئەمە دەرەنجامی بیرکردنەوەکانتانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتان و بنەبڕکردنی دیاردەی کوشتنی کچان و ئافرەتان لە کوردستان کە رۆژ بەرۆژ روو لە زیاد بووندادەکات، ئەی ئافەرین بۆ خۆتان و داهێنانتان.. !

ئەرکی هەموو رۆشنبیران و نوسەرو رۆژنامەنووسانە کە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن بۆ ئەوەی بە هەمووﻻیەکەوە پاڵەپەستۆیەك دروست بکریت و رای گشتی دروست بکرێت لەسەر دەرکردنی بڕیارێك کە بە هەموو شێوەیەك رێگە لە کوشتنی کچان بدرێت جا بەهەر بروبیانوویەك بێت.

چەند سەرنج و پێشنیارێك دەخەمە روو بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان بەو هیوایەی هەوڵی جدی بدرێت بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی ژن کوژی لە کوردستان.

1- بڕیار بدرێت بە سزایەکی توند لەسەر هەموو ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە کوشتنی کچان بە هەر بروبیانوویەك بێت و بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەکان بەڕاستی یاسا سەروەر بێت.

2- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی کوردستان رێگە بە هیچ یەکێك لە مەلا و زانا ئاینییەکان نەدەن بەکەیفی خۆیان فتوا بدەن و لە رێگەی خوتبەو وانە ئاینییەکاندا دوور بکەونەوە لە و وتارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی توندو تیژی.

3- کوشتنی کچان و ژنان چی کەمتر نییە لە کاری تیرۆریستی هەر کەسێك بەم کارە هەڵسا ئەوا بە تیرۆریست بناسری و لە راگەیاندنەکانیش ناوی بهێنری و ئابرووی ببری.

4- خوێندن تا تەواو کردنی قۆناغەکانی ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆ بە زۆرەملی بکرێت، تا کچانیش رێگەیان لێنەگیرێت خوێندن تەواو بکەن و بەمەش کۆمەڵگایەکی رۆشنبیرو کارامە بنیاد دەنرێت.

5- سکاڵای کچان و ژنان لەسەر باوك و براو مێرد و... تد، بە هەند وەربگیری و حکومەت ئەرکی پاراستنیان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

6- مامۆستای ئایینی قۆناغەکانی خوێندن چاودێری بکرێن و مامۆستا توندڕەوەکان دوور بخرێنەوە لە وتنەوەی وانەی ئایین.

7- راگەیاندن و میدیاکان رۆڵی ئەکتیف بگێرن لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردە قێزەونەو ئاراستەی کارەکانیان بەو رووەوە هەنگاو بنێت.

8- لیژنەیەك پێکبهێنری بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر هۆکاری سەرهەڵدانی هەر کارێکی توندرەوی لەسەر کەسانی تاوانبارو دۆزینەوەی چارەسەری پێویست بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم کارەساتانە.

9- ریگە بگیری لە رێورەسمی مارەکردنی کچان لە دەرەوەی دادگاو بە پێچەوانەوە تەنیا لە دادگا ئەم کارە ئەنجام بدرێت، دوای وەرگرتنی رای کچ و کور لە پێکهێنانی خێزان و لە وەدەرکەوتنی هەر پاڵەپەستۆیەکیش لەسەر بەزۆر بەشوودانی کچان حکومەت پاراستنی ژیانی کچەکە بگرێتە ئەستۆ.

10- بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە و هەموو ئەو هەوڵانەی پێویستە بدرێن بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی کوشتنی کچان و ژنان لیژنەیەکی باڵا پێکبهێنری لە وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و ناوەخۆو ئەوقاف تەندروستی بەمەرجی خەڵکی پسپۆر دابنرێت و ئەو خەڵکە دانەنرێت کە خۆیان دەستیان هەیە لە چەوساندنەوەی ئافرەتان و ژنان.

perwerpalani@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.